کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-4-2007 1:51

## مەرگی دۆعا... گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی!!!! ڕێبوار ڕەزا چوچانی

لەو جەنگەڵستانەی (بەعشیقە) دا دڕندەکان یاسای جەنگەڵیان بەسەر فریشتەیەکدا سەپاند و خەڵتانی خوێنیان کرد و کەسیش نقەی لێوە نەهات، چونکە لەو جەنگەڵەدا دڕندەکان باڵادەستن و هەر کەسێك پابەند نەبێت بە یاساکانیانەوە لەناوی دەبەن و پارچە پارچەی دەکەن و کەسیش ناتوانێت بڵێیت بۆ؟ لەو جەنگەڵەی بەعشیقەدا هەرشتێك بۆنی پاکی لێبێت، هەر شتێك بەلای جوانیدا بنوێنێت یاساغ دەکرێت و هەر کەسێك عاشق بێت تیرۆر دەکرێت و هەرکەسێك خۆشەویستی بکات ئەنفال دەکرێت، ئەوان بەکوشتنی مرۆڤێك دەیانەوێت رەسانەیەتی خۆیانمان بۆ بسەلمێنن.



ئاخر من هەمیشە گرفتم لەگەڵ رەسەنایەتیدا هەبووە، چونکە دڵنیام کۆمەڵێك شتی نەگۆڕ و کۆمەڵێك بیرکردنەوەی کۆنکرێتی هەن دەبێت دەستیان پێوە بگیریت و بیانپارێزیت ئەوجا دەتوانیت رەسەن بیت، بەتایبەتی ئەو ترادیسیۆنەی کە لە دێرزەمانەوە لەناو رەوتی پەروەردەکردنی کۆمەڵگەی ئێمەدا خۆی هێلاوەتەوە و رۆژانەش چەندین کەس دەکرێتە قوربانی بەخاتری زیندوو راگرتنی، هەر ئەمەیشە رەسەنایەتی دەپارێزێت، ئەگەر هەر ئەوانەش بنەمای رەسەنایەتی بن، من بە بێباکانە دەڵێم حەز دەکەم نارەسەن بم و هەر بەنارەسەنیش ئیدامە بە ژیان دەدەم و شانازیشی پێوەدەکەم.

لە بەعشیقەدا رەسەنایەتی بووە هۆی لە ژێرپێنانی هەناسەکانی خوداوەند و (دوعا) ی لەسەر زەمیندا نەهێشت، لەوێ هەناسەکانی خودا تیرۆرکران، ئاخر خودا ئێمەی بەعاشق بوونەوە دەوێت، عاشق بوون دوا خاڵی نزیك بوونەوەی نێوان مرۆڤ و خودایە، تاکە پەیامی خودا کە تا ئەم لەحزەیەش لەسەر ئەم هەسارە پڕلە جەنگەدا وەك خۆی و بە پاکێتی مابێتەوە، عاشق بوونە و عاشقەکان هەمیشە لە پەیامبەرانی خودان، چونکە کاتێك مرۆڤ عاشق دەبێت و دەگاتە خاڵی نزیك بوونەوە لە خودا، دەست دەگرێت بەژیانەوە و ژیانی خۆش دەوێت و روئیاکانی بۆ ژیان پڕاوپڕ دەبێت لە خۆشەویستی، خۆشەویستی تاکە مەرجی عاشق بوونە، ئەو خۆشەویستییەی کاتێك دروست دەبێت ئیتر هەموومان دوور لە ئیرادەی خۆمان لێوانلێو دەبین لە بەرائەت، جگە لەنەوەکانی ئەهریمەن، ئەوانەی لە خۆشەویستی تێناگەن و دژی دەوەستنەوە نەوەی ئەهریمەنن، مرۆڤ کاتێك هەناسەی خودای هەڵمژی عاشق دەبێت، عاشق بوونێك کە لە پاکبوونەوە زیاتر بیر لەهیچ شتێکی تر ناکاتەوە، عاشق بوون مەرجی تێدا نییە، گرنگ نییە تۆ عاشقی چیت، تەنیا مەرجێك لە عاشق بووندا هەبێت خۆشەویستییە، ئیتر ئەو خۆشەویستییە بۆ هەر چییەك بێت، تەنیا بۆ کارێك نەبێت کە وەك جەللادەکانی ئەو مەملەکەتە وێرانەیە گەلە کۆمە لە فریشتەیەکی خودا بکەین و بەردبارانی پاکترین کائینی ئەم سەرزەمینە بکەین، ئاخر هەمیشە فریشتە و پەیامبەرانی خودا دوژمنیان زۆرە، چونکە دڵنیان پەیدا بوونی فریشتەکان زەنگێکی گەورەیە بۆ لە نێوچوونی دەسەڵاتی ئەهریمەن، ئەو ئەهریمەنانەی کە دەیانەوێت سەرزەمین خاڵی کەن لەعەقڵ، لە مرۆڤ، لە پەیامبەرانی خودا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-4-2007 1:51

ئێمە لەم سەردەمەدا شاهێدی دووبارەبوونەوەی مێژووین، مێژووییەك كە مرۆڤایەتی بەهیلاك برد، دیمەنە جەرگبڕەكانی ئەوكارە وەحشیگەرایيەی كە دوعای لەناوبرد، دەرخەری ئەو جەهالەتەن كە لە سەدەكانی رابردوودا باڵادەست بوو و هەمیشە مرۆڤ لە پاشكۆی ئەو باڵادەست بوونەدا بێحورمەتترین كائین بووە و تا ئێستاش لەناو عەقڵییەتی مرۆڤدا بەزیندووی ماوەتەوە، كامە بێحورمەتی دەگاتە ئەو ئاستەی كە كچێك بە روتی بە دوای خۆیاندا و بەناوشاردا رابكێشرێت و لەناو شاردا چەند سەد كەسێك یێی كۆببەنەوە و بەردباران و بلۆك بارانی بكەن تاكو دەمرێت و سەردەنێتەوە، دیمەنەكانی ئەو كارەساتە، ئەوەندە جەرگبڕن كە مرۆڤ لە ئاستیدا نەفرەت لە مرۆڤبوونی خۆشی دەكات، كاتێك لەگەڵ ئەو جاهیل و جەللادانەدا لەسەر خاڵی مرۆڤ بوون یەكدەگرێتەوە.

ئەمە دیاردەیەكی خەتەرناكە و پێمان دەڵێت، لەم مەملەكەتە خاڵی لە عەقڵەدا خۆشەویستی حەرامە و كەلتووری لێبوردەیی یاساغە و دەبێت فێرتان بكەین كە چۆن دەستیان بە خوێنی یەكتری سووربێت، تابیر لەخۆشەویستی نەكەنەوە دەبێت فێر بن یەك بكوژن تا كەلتووری توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە جێگە بەكەلتوروی لێبوردەیی لەق بكات و بۆ هەمیشە رقمان لەیەك بێت، ئەمە پەیامی دڕندەكانە، ئەو دڕندانەی قەترەیەك ویژدان و هەستی مرۆڤایەتی لەناخیاندا نیە، دڕندەكان چاوییان بەخۆشەویستی هەڵنایە و هەركەسێك بیر لەخۆشەویستی بكاتەوە رەجمی دەكەن، كە (دوعا) م بینی بە تەنیایە و لەهەموو لایەكەوە وەحشییەكان هێرشی بۆ دەبەن و سوكایەتی پێدەكەن، كە (دوعا) م بینی پیاوە ئازاكانی ئەو خەرابستانەیە رووتیان كردۆتەوە و خەڵتانی خوێنیان كردووە و لە هەموو لایەكەوە شەقی تێهەڵدەدەن و بەرد بارانی دەكەن، كەبینیم هاوار و ناڵەی ئەو فریشتەیە ئەو ناوەی تەنیوە و بەڵام ئەو هۆردووە بەربەرییە گوێی بۆ ناگرن و كەسێكیش نییە بەهانایەوە بێت، كە بینیم بەرخۆلەیەكی وا ناسك و فریشتەیەكی پاكی خودا لەو مەیدانەدا بەتەنیایە و لە بەرانبەریدا هۆردویەك پیاوی رەسەن بڕیاری كوشتنیان داوە و بە دڕندەترین شێوە ئەوكارە ئەنجام دەدەن، گەیشتمە قەناعەتێك كەئەگەر ئەو وەحشەتە رەسەنایەتی كورد بێت و ئەوە بنەمای رەسەنایەتی بێت، حاشا من كورد نابم، چونكە كوردبوونێك فێری كوشتنم بكات، وەكو رەمزێك دیدەمەوە لە یەخەی ئەو وەحشییانە.

ئەم كردەوە قێزەونە نابێت بە بێدەنگی سەری بنرێتەوە و پێویستە رێكخراوەكانی ژنان ئەمە بكەنە خاڵێك بۆ دەستپێكی ئەكتیڤ بوونی خۆیان، ئاخر من لە مێژە بۆچوونی خۆم لەبارەی ئەو رێكخراونەوە یەكلایی كردۆتەوە، كە جوڵانەوەی ژنان لە رێگەی ئەو رێكخراوانەوە لە هەرێمەدا بوونی نییە و ئەوەش كە هەیە، هەوڵی تاكەكەسیە نەك رێكخراوەكان و ئەو رێكخراوانەش كە بەناوی ژنانەوە كار دەكەن، هەمان عەقڵییەتی پیاوسالاری كە كۆمەڵگە بەڕێوەدەبات ئەوانیش بەڕێوە دەبات، ئەگینا دوای روودانی هەزارەها حاڵەتی لەو شێوەیە نەمانبینی بچووكترین جوڵەیان هەبێت، تا لە ئاست پرسەكانی ژناندا تۆزێك روویان سپی بێتەوە، دیسانەوە دەڵێم ئەگەر ئەو وەحشیەتە رەفتاری راستەقینەی كوردبێت، من حاشا لە كوردبوونی خۆم دەكەم.

rebwarreza1983@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.